# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای کرد ئەنگوستیلەیەکی لە ئاڵتون بۆ دروستبکرێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای کرد ئەنگوستیلەیەکی لە ئاڵتون بۆ دروستبکرێت، وهەرکاتێک ئەنگوستیلەکەی لە دەست بکردایە، بەردی سەرەوەی ئەنگوستیلەکەی بەرەو ئاراستەی ناو لەپی دەستی سووڕ دەدا، وخەڵکیش ئەنگوستیلەکانیان بەو شێوەیە لێکرد، وپاشان لەسەر مینبەر دانیشت وئەنگوستیلەکەی لە دەستی کردەوە، وفەرمووی: «من ئەم ئەنگوستیلەیەم لە دەست دەکرد، وبەردی سەرەوەیم بەرەو ئاراستەی ناو لەپم سووڕ دەدا» پاشان ئەنگوستیلەکەی فڕێدا، وفەرمووی: «واللە، هەرگیز جارێکی تر لە دەستی ناکەم» بۆیە خەڵکیش ئەنگوستیلەکانیان فڕێدا.
ولەگێڕانەوەیەکدا: «ئەنگوستیلەکەی کردە دەستی ڕاستی».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد کە ئەنگوستیلەیەکی لە ئاڵتون بۆ دروست بکرێت، وئەگەر لە دەستی بکردایە بەردی سەرەوەی ئەنگوستیلەکەی دەخستە خوارەوە بەرەو ناو لەپی، وهاوەڵانیش ئەنگوستیلەکانیان بەم شێوەیە لێکرد، وپاش ماوەیەک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەر دانیشت بۆ ئەوەی خەڵکی ببینن، وفەرمووی: من ئەم ئەنگوستیلەیەم لەدەست دەکرد، وبەردی سەرەوەی ئەنگوستیلەکەم بەرەو ئاراستەی ناو لەپم سووڕ دەدا، پاشان فڕێی دا، وفەرمووی: واللە، هەرگیز جارێکی تر لەدەستی ناکەمەوە، وهاوەڵانیش وەکو شوێنکەوتنێک بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنگوستیلەکانیان فڕێدا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee